# تایبەتمەندییەکانی جیهانی سێیەم

جیهانی سێیەم چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەمانەش:

1 - ئیستعمار : ژێر دەستی ئیستعمار، تایبەتمەندی یەکەمی وڵاتانی جیهانی سێیەمە. ئەم وڵاتانە کەوتنە ژێر دەسەلاتی بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دوای ئەوەی ولاتە ئیستعمارییەکان لە ریگەی (دۆزینەوە جوگرافییەکان)ی پورتوگالییەکان ئەنجامیاندا لەسەدەی (١٥) هەم و ناوەراستی سەدەی(١٨) هەم . ئەو کاتە ئامانجی ئیستعمار بەدەستهێنانی بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵات بوو لە (بەهارات) و (زێر). هاوکات بووە بازارێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی دروستکراوی وڵاتانی رۆژئاوا.

2 - دواکەوتوویی : وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەست دەردی کوشندەی (دواکەوتوویی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ) دەنالێنن. بەلام ئەم دواکەوتووییە لە ولاتێک بۆ ولاتێکی دیکە دەگۆڕێ، لەبەرئەوەی پشت دەبەستێ بە داهاتی ناوەندی تاک و هونەری بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی زانستی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

3 - بڵاوبوونەوەی بێکاری و کەمی داهاتی تاک.

4 - بەرزی رێژەی نەخوێندەواری لە نێوان دانیشتوان.

5 - بەدی نەهاتنی پێداویستی تاک لە کالا بەکاربەرەکان.

6 - لاوازی وەبەرهێنانی پیشەسازی.

7 - پاشکۆیەتی ئابووری بۆ دەولەتە داگیرگەرەکانیان (ئیستعمار).

**سەرەتای هاتنی ئیستعماری ئەوروپی بۆ ئاسیا**

یەکەم پەیوەندی نیوان ئەوروپا و کیشوەری ئاسیا لە سەدەکانی (١٣) و (١٤) بووە، کاتێک مەغۆلەکان بەشی گەورەی کیشوەری ئاسیایان داگیرکرد و هەرەشەیان خستە سەر ئەوروپا. پاشان چەندین هەولی بازرگانی هەبوو لەگەڵ (چین). یەکەم کەس کە گەیشتە (چین)، (ئیتالییەکان) بوون. لە ساڵی (١٢٧٤) گەریدەی ئیتالی (مارکو پۆلۆ) گەیشتە چین و ماوەی (١٧) ساڵ لەم ولاتە مایەوە، دواتر گەڕایەوە (ئەوروپا) و بە پوختی و دوورودرێژی مێژووی (چین)ی بۆ ئەوروپییەکان نووسیەوە. بەم جۆرەش رێگەی خۆشکرد بۆ ولاتانی دیکە، تاوەکو بگەنە (چین).

هەر لەم کاتەشدا، بازرگانی (حەریر) و (بەهارات) زیادی کرد لە نیوان (چین) و (هیند) لە لایەک و (ولاتانی ئەوروپا) لە لایەکی دیکە. لە پێناو قۆرخکردنی ئەو بازراگانییە، پورتوگالییەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی نوییەوە بگەنە (کیشوری ئاسیا). هەولّی پورتوگالییەکان بە ئەنجام گەیشت لە ئاسیا، دوای ئەوەی (ئەلفونسو دی بوکیرک) کە سەرکردەیەکی دەریاوانی و سیاسی پورتوگالی بوو، هەستا بە دامەزراندنی مەڵبەندێکی بازرگانی بۆ خۆیان لە شاری (جوا)ی هیندی. هەروەها لە ساڵی (١٥٥٧) رێگە بە پورتوگالییەکان درا هەندێ زەوی بەکرێ بگرن لە (ماکاو)ی چینی.

چالاکی ئیستعماری پورتوگالی لە ئاسیا بووە هۆی بایەخ پێدان و گرنگی پێدان لەلایەن ولاتانی دیکەی ئەوروپا، بۆیە ئیسپانییەکان بە سەرکردایەتی دەریاوان (ماجەلان) دەستیان کرد بە گەشتێک بۆ

دوورگەی (فلپین) و لەساڵی (١٥٧١) دەستیان بەسەر (مانیلا)گرت، کە مەڵبەندی بازرگانی (فلپینییەکان) بوو.

دواتر هۆلەندییەکان هاتنە ئاسیا و توانیان پورتوگالییەکان لە ناوچەکانی (هیند) دەربکەن لە سەدەی (١٧) هەم. وە توانیان دەزگایەکی بازرگانی بۆ خۆیان لە بەندەری (های مونک)ی ڤێتنامی دروست بکەن.

فەرەنسییەکان لە سەرەتای سەدەی (١٧) هەمەوە، گرنگیان بە (کیشوەری ئاسیا)دا. ئەو کاتە کۆمپانیای (هیندی ڕۆژهەلاتی فەرەنسی) مەڵبەندێکی بازرگانی بۆ خۆی لە هیند دروستکرد ساڵی (١٦٦٨) و ساڵی (١٦٧٢).

- **جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە جیهانی سێیەم- کیشوەری ئاسیا**

**یەکەم: چین**

- پێکهاتەی جوگرافی چین:

چین دەکەوێتە بەشــی ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئاسیا. ڕووبەرەکەی بە نزیکەی (٩،٦) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لە ڕووی ڕووبەرەوە، لە پلەی سێیەم دێ لەسەر ئاستی دونیا لەدوای کەنەدا و یەکێتی سۆڤیەت.

(١٢) دەوڵەت کەوتونەتە سەر سنووری (چین) و دراوسێی ئەو ولاتەن. ئەمانیش کۆریا(لەڕۆژهەلات) و ڤێتنام و لاوس و بۆرما لە (باشوور) و یابان و فلبین و ئەندونیسیا و مالیزیا لە (باشووری ڕۆژهەلات).

لە چین چەندین ڕووباری گەورە هەیە، وەک ڕووباری (یانغتسی) و رووباری (زەرد) و چەندین دەریاچەی هەیە وەک دەریاچەی (تشنگهای). هەروەها لە چین سامانێکی کانزایی زۆر هەیە وەک (رەساس) و (زنک) و (زیو).

چین زۆرترین ریژەی دانیشتوانی هەیە لە جیهان. بەجۆریک ریژەی دانیشتوانی لە ساڵی (١٩٨٥) گەیشتە نزیکەی (١،٠٤٦) ملیار کەس. نزیکەی (%٢٢) ریژەی دانیشتوانەکانی جیهان پێک دەهێنێ.

(چین) ولاتێکی فرە نەتەوەیە و بە نزیکەی (٥٦) نەتەوەی لەخۆ گرتووە. گەورەترین نەتەوە لە (چین) دا نەتەوەی (ئەلهان)ە. کە (٩٣%) دانیشتوانی چین پێک دەهێنێ. هاوکات لە (چین) چەندین ئایینی جیاواز هەیە. وەک ئایینەکانی ( کونفوشیوشیە) و (بوزی) و (تاویە) و (مەسیحی) و (ئیسلام).

سەبارەت بەو زمانەی چینییەکان قسەی پێدەکەن، زمانی (ئەلهانیە)یە و ئەم زمانە ، زمانی فەرمی دەوڵەتەکەیە.

لە کۆتایی سەدەی (١٩) چین بووە ئامانجی سەرەکی چاچنۆکایەتی بیانی، بەهۆی بوونی سامانێکی زۆری سروشتی و رووبەرێکی بەرفراوان و بوونی دەستی کار بە ژمارەیەکی زۆر. بەو هۆیەوە ئەم ولاتە بووە بازارێکی جیهانی و ئەمەش هاندەر بوو بۆ ولاتانی ئیستعماری چاوی لێببرن. بەو هۆیەوە ولاتانی ئیستعماری هەوڵیاندا دەست بەسەر چین دابگرن. بەڵام دەرگاکانی چین مکۆم و جێگیر بوون بەرامبەر بە داگیرکەرانی. بۆیە ولاتانی ئەوروپا هەوڵیاندا لە رێگەی بازرگانییەوە هەوڵی شکاندنی ئەو دابرانەی چین بدەن. بازرگانە ئەوروپییەکان، (چا) و (قاوە) و (توتن) و (کاکاو) و (بەردی چینی گران بەها) و (مسک) و (زەنجەبیل)یان لەم وڵاتە دەهێنا. لە بەرامبەردا (چین) پیویستی بەوە نەبوو کالا هاوردەبکات لە دەرەوە، چونکە پشتی بە (کشتوکاڵ)ی خۆی بەستبوو. بۆیە لەبەر ئەم هۆیە، ولاتانی ڕۆژئاوا نەیانتوانی بەربەستی (چین) ببڕن، چونکە چینییەکان پشتیان بە خۆدابینکردنی نیوخۆیی دەبەست.